# کێشەیکورد لەچوارچێوەی عێراقی نوێیدا ..

**کەمال ڕەئوف**

دامەزراندن وپێکهێنانی دەوڵەتی عێراق کە بەشێکی زۆر لەدیاریکردنی چواچێوەسیاسیو ئابوری و کۆمەلأیەتیەکەی لەدەرەوەی خواست وویستی خەڵکەکەی بوو, پترلە هەشتا ساڵە لەدوایی تەقسیم کاری و ڕێکەوتنی هەندێك لەوولآتە براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم ئەم چوارچێوەیەیان بەشێوەیەکی ناعادیلانەو بەرژەوەندخوازی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاند وتەنانەت مەلیکێکیشیان لەخێزانی هاشمیەکان کەعێراقی نەبوو بۆ دەستنیشان کرد , بەدرێژایی تەمەنی پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە ولەمێژووی ئەو پێکەوە ژیان و لێکگرێدانە زۆرەملێیەدا  خەڵکی ئەو ولأتە ئارامی و ئاسایشی بەخۆیەوە نەدی , ئاگری ئەم نەهامەتی و پشێویەش نەك تەنها هەر بۆ خەڵکەکەی بوو تەنانەت  دراوسێکانیشی گرتەوەو بووە یەکێك لەودەوڵەتانەی کە خاوەن ڕەشترین و خوێناویترین  رابردوویێت لەناوچەکەدا , کۆمەڵگەی عێراق  کە لەنەسیجێکی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینی ومەزهەبی پێکهاتووە , دەسەلأت و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەهەمووتواناو ئیمکاناتی سەربازی وپشتیوانی دەرەوە  هەوڵیان داوە تا ئەو چوارچێوەیە بەهەرنرخێك بووەبپارێزن ولە پێناوەدا ئیمکاناتێکی زۆرو دەریایەك خوێنیان رشتووە , بەلأم سەرئەنجام ئاکامی ئەوهەولأنە ئەوەبووە کەنەیانتوانیووە چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بکەن و کێشەکان بەو ئاکارەدا بەرن کەلەچارەسکردن نزیک ببێتەوەو بەشێوەیەکی هێمنانەو قۆناغبەندی بەرەو چارەسەرکردنی یەکجارەکی بەرن .

کێشەی نەتەوەی کوردکەتائێستا بەیەکێك لەکێشە گەورەکانی ناو ئەو قەبارە سیاسیە دەبینرێتەوە, هەرلەسەرتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە بەهێزەوە خۆی دەرخستووە وئەم بەشە لەخەڵکی ئەو پێکهاتەیە ناڕازیبووە بەو گرێدانە ودواتریش شوڕش لەدوای شوڕش  بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی  خۆیان لەودەوڵەتەدا تێکۆشاون, بەلأم چۆن سەرەتا لەسەردەستی مەلیك بەخواستی ئەو ئینگلیز بۆ پارسەنگدانەوەی هێزی عەرەبی شیعە مەزهەب لەچوارچێوەی عێراقدا هێڵرانەوە, ئێستاش دیسانەوە بەهەمان مەبەست ولەسەر خواستی ناسیونالیزمی عەرەبی و تورك و فارس , هەوڵی ئەوە لەئارادایە بەبەشداری ماتریال و هێزە کوردیەکان پارسەنگی بزووتنەوە ئیسلامیەکان و هێزی شیعەی پێبدەنەوە,کێشەی کورد کەیەکێکە لەکێشە هەرەزەق و خوێناویەکانی عێراق وناوچەکەئەمڕۆ بۆیە بەهەڵپەسیردراوی ڕادەگیرێ تالەئایندەدا دیسانەوە بکرێتەوە بەوەرەقەکی فشارو بۆ بەرژەوەندی هێزەگەورەکان بەکار ببرێتەوە.

لەعێراقی کۆندا مەلیك بوونی کوردی لەو چوارچێوەیەدا بۆیە لاباش بوو تاکو لەپەرلەمانی عێراقیدا بەشداری بکەن وپارسەنگ سازی بۆبکەن, بەلأم لەئاکامی ئەو سیاسەتەدا نەکورد توانی بەشێوەیەکی راستەقینە بچێتە پەرلەمانەوە ونەعەرەبی شیعەش توانیان ئەو جێگای مەترسیە بن لەسەردەسەلأتی عێراق, لەعێراقی نوێشدا کەوابڕیارە هەموو هێزە کۆمەلأیەتی و ئاینی و نەتەوەییەکان بەشداری لەبیاناکردنەوەیدا

بکەن و عێراقێکی فرە دەنگ و فرەڕەنگ دامەزرێننەوە وبەشێوازێکی هاوچەرخانە وعادیلانە کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن بەرن , کەچی لەزاری سەرەک حکومەتەکاتیەکەی( ئەیادعەلاوی ) کە هەتا ئێستاتوانای کونترۆڵکردنی تەنانەت هەندێک لەناوچەو گەڕەکەکانی بەغدادی پایتەخیشی نیە ,گوێبیستی ئەو مژدە خۆشە دەبین و بانگەشەی ئەوەدەکرێت کە ئایندەی عێراق وەک وولاتێکی عەرەبی و ئیسلامی دەمێنێتەوە , خەڵکی عێراق کەبەدرێژایی تەمەنی ئەودەوڵەتە مێشکی بەوە ئاخنرابوو کە عێراقی عروبەو ئیسلام لەبەردەم هەڕەشەی دژمنەکانیدایە و لەڕێگەی دروستکردنی وەهمی ترسی لەدەستدانی بالآدەستی پیرۆزی ئاینی ئیسلام و نەتەوەی سەردەستی عەرەب و گێژاوی ناکۆکیەکانی وولآتانی عەرەبی و دەوڵەتی ئیسرائیل , هەموو دەنگ و ڕەنگێکی نارازی ناوخۆو خەڵکی بەوە تۆمەتباردەکرا کەگوایە ئەوانیش بەشێکن لەو پیلانەو دەسیسانەی کەدەیانەوێت سەرووەری ئەم دەوڵەتە تێکبدەن ویەکپارچەیی خاکی بخەنە ژێر پرسیارەوە .

لەڕاستیدا ئەگەر نیاز وایە پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ جیاوازی بنچینەیی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتەکونەکەدا , ئەوادەبێت دەوڵەتی نوێی عێراق هەرلەسەرەتای دروستبوونیەوە و داڕشتنی دەستوری تازەیەوە ئەو پێناسە هەڵەو ناعادیلانەی خۆی بگۆڕێت کەخۆی وەک دەوڵەتێکی قەومی عەرەب و ئیسلامی ناساندووە ,سەپاندنی ئەو پێناسەیە بەسەر نەتەوەکانیترداو سەپاندنی تاک ئاینی ئیسلام بەسەر ئاینەکانی تری خەڵکی ناو ئەو چوارچێوەیەدا کەناوی عێراقە,هەموو ئەوانە جگەلەوەی کە لەچەندساڵی رابردوودا ناهەقیەکی گەورە بووە کراوە لەهەمانکاتیشدا لەئێستادا دیسانەوە زەمینە خۆشکەری ئاگری شەرو پێکدادانە نەتەویی وئاینیەکان دەبێت و پێکەوژیان و تەبایی‌و هاوچوون یەک بوونی هاولآتیانی ناو ئەو چوار چێوەیە دەخاتەژێر پرسیارەوەو هاولآتیانی پلە یەک و دووسێ لێدەکەوێتەوە, ئەم دەربڕین و پێناسە هەلآنە لەکاتێکدایە کە نەنەتەوەی عەرەب لەو چوارچێوەیەدا کۆنترین نەتەوەن و نەئاینی ئیسلامیش کۆنترین ئاینە لەعێراقدا, دیسانەوە ئەمڕۆش بانگەشە کردنەوە بۆ عێراقێکی عەرەبی و ئیسلامی جارێکی تر ئەوە بیر خەڵک دەخاتەوە کەعێراقی کۆن و نوێ لەڕووی ناوەرۆکەوە هیچ جیاوازیەکیان نییە جائەگەر بەڕووکەشیش قسە لەتەبایی و پێکەوەژیانی دڵخوازانەبکرێت لەچوارچێوەی فیدرالیدا .